# بەردی سوور

**سمکۆ محەمەد**

**تا.... شەقاوێك زیاتر بڕۆم**

**لەبەرد زیاتر ڕەق دەبم**

**لە ناخمدا هەڵچونێك هەیە ئامادەنیم بۆ كەسی هەڵڕێژم**

**لەش لەهەموو شتێك جوانتر دەتوانێ چێژ لەهەڵچونی ئاگر ببینێ..**

**لەمدونیا شوێنێكی هاوجنس نیە بۆ سەر وەختی هەركەسێك بچێ و نەخشەیەكت بداتێ عابیدكەلەسەر سنگی بەرد ئیشراقاتی خۆی دەنوسێ . فوو لەنەخشەی ئاگریش دەكا. نەخشەی ختكاوی هەموو هەناسەیەكی بزرکاو . نەخشەی سوتاوی هەموو جەستەیەكی شێواو.نەخشەی جێماوی هەموو توێڵێكی جێماو هەموو شتێكی قەدەغە یاداشتی خۆی هەیە. لە ژیانەوە تا مردن. لەشوشەوە تا بەرد. لەروناكیەوە تا نوتەك لە مانگەكانی خۆشەویستی بەرددا كەلوی زەردەخەنەی پیلان . شەڕی خۆشەویستی پەشیمانی. پیاسەی ژەنگنی بەرباران .شیعری گەمارۆدانی عەقڵ . ئاهەنگی شایستە دەخوێنرێنەوە**

**من لەگەڵ تۆمە ژن**

**نەخشەیەكی نوێ بەئایندەی تۆوە نیە**

****

**تا....فرسەخێك دوورتر بڕوانم**

**لەبەردی تیژ تیژتر دەبم**

**لەناخمدا راسپاردەیەك هەیە ناتوانم بەكەسی بسپێرم**

**چاوم زەلیلی پارچەیەك میتاڵە لەگیرفانی هیچ ژنێكدا نیە هیچ ژنێكی بێرەحم كڵاوی پیاو نابینێت . هیچ پیاوێكی گێلیش سیحری ژن نابینێت بورجەكەم وای لێكردووم... وای لێكردووم بەجیا لەماتماتیكی سەرچڵی وگێلێتی بترسم وای لێكردووم بت بشكێنم بتی سواڵكەر . بتی فریودراو . بتی غەریب . بتی بێ نەوا . بتی سوڵتان لەوەش زیاتر نیازم نیە قسەی خۆم بدەم بەبازرگانەكان. چیرۆكی تێشكانی قەڵای بەردی سوور.**

**چیرۆكی ژەهرخواردنی كەنیزەیەكی نەزۆكە كەدەستی لەنێو گۆزەو سواڵەتە سوخرەكێش كراوەكاندا رزا**

**من لەگەڵ تۆمە ژن**

**لەگەڵ تۆمە دەستی خۆت لەپشتێنی كەسدا مەرزێنە**

****

**تا....نەغمەیەک زیاتر دەنگ هەڵبڕم**

**لەبەرد زیاتر تورەتر دەبم**

**لەناخمدا هەژانێک هەیە فکرم نیە دەریبڕم**

**فکرم نیە لە مەملەکەتێکی هەڵوەشاوەدا باجی لاهووتی بەهێستریای سێکسی بدەم**

**لەنوێژی ژنێکی ئەتک کراو دەترسم تەنگەنەفەسم کا. بەدزی رەقیبەوە هەناسە دەدەم شریتی جوتانە کۆستێکی تری نوشتانەوەیە لەقەراغ خانوچکەیەکی شێدار وەختێ بای وەحشەت بانگی تازیەباری لەنامەردان دەسەنێتەوە و دەیدات بەزەبوون دەنگ هەڵدەبڕم وەختێ گەردەلوولی نەگبەت شنەبا لەرێبواران دەسەنێتەوەو دەیدات بەپیاوی رێگر ماتەم بۆ عیززەتی نەفسم دەگرم**

**من لەگەڵ تۆمە ژن**

**لەگەڵ تۆمە عیزەتی نەفست بۆ هیچ هۆزێک مەدۆڕێنە**

****** 

**تا....وشەیەک زیاتر ببیسم**

**لەبەرد زیاتر گومان دەکەم**

**لەناخمدا شتێک هەیە ناتوانم بیچەپێنم**

**وادەزانم ناوبژیوانێک پێشبڕکێی دوو فەنا کراو بگێڕێتەوە. دەبێ زانایەکی خوێنرێژ بێت دەبێ لەبەردە فرکێی براکاندا تالانی بکات شەوان تابووتی نارنجی خەونەکان هەڵبگرێ بەرۆژیش کفنی سپی بدوورێت بۆ ئێوە.بۆ ئێوە کەپوچێتی لەکۆشکی مەرگدا دادەنێن لێناگەرێن براکان میوانداری یەکتر بکەن و کلاو کلاوێن لەسەر سنگی بەرد بکەن لەشەرە بەرددا... گڤەی دەنگی بەرد لەبێدەنگی داری وشک دەچێت وەختێک شوینێک نەماوە بۆ بەرگ درووەکان لەبۆنی دەمیان زیاتر هیچی تریان پێ نیە**

**من لەگەڵ تۆمە ژن**

**لەگەڵ تۆمە بۆنی هەناسەی خۆت مەتاسێنە**

****** 

**تا .... زیاتر لەدوور بڕوانم**

**لەتەنهاییدا زیاتر وێڵ دەبم**

**لەناخمدا یەقینێک هەیە ناتوانم بۆ کەسی بدرکێنم**

**یەقین شکاندنی قفڵە بەردینەکانە لەجەزیرەی ئەبەدییەتدا هیچ شایەتێک مەجبوور نیە خۆی رووت**

بکاتەوە هیچ گەڕیدەیەکیش نیە لەئاقاری تەنهایی بترسێ لەتەنهاییشدا کەسێک نیە مەزن و لەقولاییشدا لاواز بێتپارتیزانێک بەتفەنگی بەردینەوە ستایشی مردووەکان بکات توانج لەبیری زاهیدی تەمبەڵ و پیاوانی بن دیوار بگرێت ناچارە هەڵبێت لەشار

دیسان لەگەڵ تۆمە ژن

لەگەڵ تۆمە وێنە تێکسمڕاوەکانی خۆت مەدڕێنە

****

تا....زیاتر لەنێو خەمدا گینگڵ بخۆم

لەبەرد زیاتر ماندوو دەبم

لەناخمدا بورکانێک لەبەرد هەیە ناتوانم بەرییێبگرم

زیاتر لەسنگی بەرد رادەمێنم فەلسەفەی بەرد... بەردی سووری هەڕاج فرۆش لەززەتی هەر پارچە قوماشێکی تووکن لەژنی سوڵتان خەسار دەکات کاتێک نەفامێک بەلاسایی کردنەوە عابیدێک دەبوغزێنێ لەنزایەک بەولاوە هیچی تری قابیل نیە ئەو... نازانێ روناکی هیچ گۆمێک بۆ باخێکی تر ناشێ نەفامێک دەستی لەمس گیرابێت. نازانێ بەهێمنی دەست بۆ کانگا تەڕەکان ببات نەفامێک دەستی لەدەرزی راهاتبێت. نازانێ بەهێواشی دەست بۆ کێڵگە رازاوەکان ببات نەفامێک دەستی لەگەڵ خۆڵدا راهاتبێت. ناتوانێ گەمە لەگەڵ بەردا بکات بەردی سوور..بەتەنها لەدڵی دوژمن نادرێدیواری زیندانیش بەرز دەکاتەوە گۆمی شینی خەونیش دەهەژێنێ جامخانەی شیعریش دەشکێنێ بەرد .... تەنها کۆمەڵە تۆنێکی قورس نیە جەستەی ژنێکی بێ بەزەییشە ....